

مەلەک ڕۆژهات:

# جوانی گرینگ نیە بەلای منەوە

ئا/ بەهرە سدیق

**مەلـــەك ڕۆژهات یەکێکە لەو هونەرمەنــدە دەنگخۆشــەی باکوری کوردســـتان کە چەند ساڵێکە لە باشووری کوردستان ژیان بەسەر دەبات و بەردەوامە لــە کاری هونــەری، لــە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** دوای ماوەیـــەك لـــە گۆرانی گوتن، هۆی چی بوو دەســـتت بە ئاواز دانان و دابەشـــکردن کرد؟**

- هونەرمەند هەمیشە ئەبێ بەرەو پێش بڕوات و لەو بوارەی کە کاری تێدا دەکات هەنگاوەکانی بباتە پێشەوە سەرەتا بە گۆرانی وتن دەستم کرد بە خزمەتی هونەری دوای تەواو کە شـــارەزایم پەیـــدا کرد . هەوڵمدا ئاواز دروســـت بکەم بەو توانایەی کە هەمە سوپاس بۆ خوا ئەتوانم بەپێی پێویست ئاواز دابنێم و کاری دابەشکردنیشی بۆ بکەم

تۆ سەرەتا وانەی قورئانت بە ژمارەیەك قوتابی دەگوتەوە، ئێستاش بەردەوامی؟

-بەڵێ ئەوە راســـتە من لە وان دەرسی قورئانم بە چەند منالێك ئەوتەوە، بەلام کە ئێستا لەوێ نیم تا دەرســـیان پێ نالێمەوە بەس ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئێســـتا قورئان ناخوێنم ئاسودەترین کاتـــی من ئەوەیە کە قورئـــان ئەخوێنم دایك و باوکم کە تەلەفۆنم بۆ ئەکەن ســـەرەتا پێم ئەڵێن لەکەل قورئانەکەت چۆنی زۆر دڵ خۆش ئەبن کە ئەڵێم هەمیشە ئەی خوێنم و ئەو قورئانە بۆ من موعجیزەیەکی گەورەیـــە جگە لەوەی کە بڕوایەکی تەواوم پێی هەیە هەر کاتێ کێشەیەك یان بێزارییەك بۆم بێتە پێشەوە زیاتر لەکاتەکانی تر قورئان ئەخوێنم و دەروونم شاد دەکا.

***لە دوایین سەردانت بۆ تورکیا تووشی گرتن و لێپرســـینەوە بووی، بۆچی تا تۆ نەگەڕایەوە کەس باسی نەکرد؟**

من ئەوە نازانم بۆچی کەس باسی نەکرد خۆشم لـــەوێ گیرابووم هەموو کارەکانم خۆم ئەی کەم کەســـێکی وام نییە کاری مەنیجەریم بکات و هەواڵ و شتە هونەرییەکانم بە جەماوەرەکەم بدات هـــەر خۆمم منیش گیرابووم. هەســـتەکەم هەر ئەوە بێ کە کەس لێرە نەی زانیوە

*** هۆکاری ســـەرەکی گرتنت چی بوو و ئایا تووشی ئەشکەنجەدان بوویەوە؟**

من بەســـەردانێك چومەوە تورکیا بۆ لای کـــەس و کارم لـــە وان دوای مانگێك لەگەڵ کۆمەڵێك هاورێم بیرمان لە کۆنسێرتێك کردەوە لە وان بیکەین هەستاین بەسازدانی ئەو کۆنسێرتە خەڵکێکـــی زۆر هاتبوو خەڵـــك داوای لێکردم کە گۆرانی سیاســـی بڵێـــم گۆرانی هەڤالان هونەرمەندیـــش مولکی خەڵکە منیش وتم پاش کەمێك خۆم و چەند کەســـێکی خزم و ناسیاوم گیرام وام ئەزانی کە کاریگەری ئەو کۆنسێرتە بـــووە گیراوم بەلام کـــە لێپێچینەوەم لەگەڵ کرا هەر هیچ پرسیارێکی ئەو کۆنسێرتەیان لێنەکردم پرسیارەکان زیاتر پێوەندی بە کوردستانی ئازاد وە بوو کە لێرە کۆنسێرتم کردووە و ئاڵای کوردستانم بەرزکردووە و سەردانی خانەوادەی بارزانیم کردووە وە کۆنسێرتم کردە دیاری بۆ پەنابەرانی کەمپی مەخمور هەستم کرد کە لەمێژە چاودێریم ئەکەن و لەمێـــژە ئەیانەوێ بمگرن ... وەڵامی ئەوەت

نادەمەوە بمبورە کە ئەشکەنجە دراوم یان نە.

هاتنت بۆ باشووری کوردستان سوودی هەبوو بۆ زووتر و زیاتر پێگەیاندنی خۆت

بێگومان من لێرە پێگەیشتووم شەرەف مەندم کە لێرە زیاتر پێگەیشتووم وە بە هاوکاری هەوادارانم بەردەوامی بە هونەرەکەم ئەدەم

سترانێکت گوت بە چوار زاراوەی کوردی، بیر لەوە ناکەیتەوە بەم چوار زاراوەیە گۆرانی بڵێی بە جودا؟

- بەڵێ لە بەرنامەم دا هەیە ئیشەللە لە داهاتوو بـــە زاراوەی زازاکی و هەورامی و ســـۆرانی گۆرانی جیا جیا بڵێم

چ مەرجێکـــت هەیە بۆ بەشـــداری کردن لە ئاهەنگەکان؟

-زۆر کەم ئەچم بۆ ئاهەنگ بەڵام ئەگەر بشچم دەبێ ئاهەنگەکـــە تامی فۆلکلۆری کوردی و دووربێ لە مەشـــروبات و دانس و ئەو شـــتە بێ مایانە ... ئەگەر لە رووی مادیشـــەوە سودی بـــۆم نەبێ بەس هەر پێـــی مورتاحم و حەزبەو ئاهەنگانـــە ئەکەم بەلام هەر وەك وتم کەم دەچم بۆ ئاهەنگ

هونەر خۆی بۆ ئافرەت کارێکی ســـەختە، بەڵام بـــۆ تۆ کە ئافرەت و مامۆســـتای قورئـــان خوێندن بووی ئەو گرفتـــە تا چەند زەحمەتتر بوو؟

هەموو شـــتێك دەتوانی بە باشـــی وە بەخراپی مامەڵەی لەگەڵ بکەی جوانترین شت ئەخلاقە مرۆڤ ئەخلاقی خۆی بپارێـــزێ گرینگترینـــە بۆ هونەر ... راســـتە من کێشـــەم بۆ دروســـت بوو ســـەرەتا لە ماڵەکەمەوە رێگەیان نە ئەدام ببم بە هونەر مەند دواتر کە بینیان بەهرەی وتنی گۆرانیم هەیە پاش ماوەیـــەك دایکم و باوکـــم رازیبون بەوەی کە ئێســـتا هەم.

-تـــۆ چەنـــد پشـــتگیری لـــە تەقلیـــدە دەکەیەوە و لاســـایی کەست کردووە؟

هیچ پشـــتگیری لە تەقلیـــد ناکەم . لاســـایی کەسم نەکردووە هەمیشـــە ویســـتومە بە

شتی نوێ و رێکپۆشی جوان و ئەوەی من حەزم لێیەتی بیکەم نەك بەشـــێوەی لاسایی کردنەوە بۆچی من هونەری خۆم پێشـــکەش کەم ئەوەی من ببینێ بە کەسێکی تر تێم بروانێ

حەزدەکەی هاوسەرەکەت چۆن بێت؟

جوانی گرینگ نییە بەلای منەوە ئەبێ کەسێکی گران بێ لە رووی ئەخلاق و ئیمانداربێ رۆژوو نوێـــژی خۆی بکا زۆر حەز و خزمەتی دایك و باوك بـــکات و جیران و خەڵك لێی رازی بن وە حەز لە هونەرەکەشم بکات.

*** بە نیاز بووی بەرنامەیەك پێشـــکەش بکەی ئەم باسە بەچی گەیشت؟**

بەڵێ ئەوە ڕاستە ئێستاش سەرقاڵی ئەوەم بەلام کەمێك کێشەی تورکیا و خۆشم نەساخ بووم ئەو بیرۆکەیە دواخـــرا .. نامەوێ ناوی ئەو کەناڵە بێنم کـــە داوای بەرنامەیەکی لێ ئەکەم بەلام بەرنامەکە هونەری کەلتوری ئەبێ زمانی دایك و رەسەنایەتی تیابێ



# ئەو نهێنیەی کارداشیان نەیدرکاند؟



خا نمە ئە کتــە ر

و نمایشــکاری جلوبەرگ کیم کارداشــیان لە ڕۆژی زەماوەندی خۆیدا ســێ جۆرە جلی بۆکینی پۆشــی و هۆکارەکەشی تەنیا خۆی دەیزانی و وەك نهێنییەك زوو نەیدرکاند.

بەڵام بەمدواییە کیم لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ بەرنامەی «ســتایل ٢٤» ئەم نهێنییەی ئاشکرا کرد و رایگەیاند کە ئەو وەك هەر کچێکی دیکە هەستی بە دوو دڵی لە هەڵبژاردنی رەنگێك یان ستایلێکی دیاریکراوی کراسی بۆکینی کردووە، بۆیە ســێ کراسی شــێوە جیاوازی هەڵبژارد و ئەو کراسەی کە لە دووەکەی تر تەسکتر بوو ئەویان زۆر بە دڵ بوو.

کیم ئەوەشــی ئاشــکرا کرد کەوا زۆر حەز لە هۆڵیــۆدی کۆن دەکات بۆیە کراســی رەش وسپی هەڵبژارد، لەلایەکی دیکەوە کیم کارداشیان ئەوەی رەت کردەوە کەوا ببێتە نموونەیەك بۆ مۆدێلی جلوبەرگ لە جیهان، چونکە زۆر حەز لە جلوبەرگ و مۆدێلی نوێ دەکات و هەر لە منداڵیشەوە زۆر حەز دەکات ببێتە دیزاینەری جلوبەرگ.



# بریتنی
# فێری خۆشەویستی دەبێتەوە

بریتنی ســپێرزی ئەستێرەی ئەمریکی هەموو هەوڵێکی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ســەر لەنوێ فێرە خۆشەویســتی کردن بێتەوە.

لە چوارچێوەی گەشــتێکی هونەری خۆیدا لە شــاری لەندەن، بریتنــی لە دیمانەیەکیــدا لەگەڵ گۆڤاری «ستایلیســت»ی بەریتانی گوتی: من هەمیشــە شــتی نــوێ دەربارەی مانای خۆشەویســتی دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی هەندێك شــتی نوێم بە بیر بێتەوە کە پێشتر لە ژیانی مندا روویانداوە.

بریتنی تەمەن ٣٩ساڵ کە ئێستا پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ بەڕێوەبەری پێشووی کارەکانی جایسۆن ترا فیك، ئەوەشی روونکردەوە کە بــەم دواییە کتێبێکــی خوێندۆتەوە تایبەتە بــە چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لەکاتی بوونی پێوەندی خۆشەویستی و هونەری پێوەندییەکانی مرۆڤ بە گشتی، چونکە هەندێك هەڵسوکەوت و هەستی بەبیر هێناوەتەوە کە پێشتر هەیبووە و گوتیشی: بەگشتی ئەم کتێبە بریتییە لە شــیکردنەوەی خۆشەویســتی و ماناکەی، ســبێرز پێیوایە کە سەرکەوتن لە خۆشەویســتیدا دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتی سەیر کردنی ئەو پێوەندییە و لەلای منەوە سەرکەوتن بریتییە لە حاڵەتێك کە پەیوەستە بە هۆشی مرۆڤەوە، یان بریتییە لە هەست کردن بە شادمانی لەو کاتەی کە ئێستا ئێمە تێیداین.

# فایەق بێکەس لە قۆناغی مۆنتاژدایە



دوای ئەوەی هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش)، لە قۆناغی وێنەگرتنی نوێترین بەرهەمی بە کۆتا هات، بە بەشداریکردنی ستافێکی گەورە و بەتوانا لەشانۆکارانی کوردستان ئەم نمایشە شانۆیی موزیك ئامێزە کەباس لە ژیان و خەباتی (بێکەس)ی شاعیر دەکات ئێستا گەیشتۆتە قۆناغی مۆنتاژ.
لەم بارەیەوە هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش بە گوڵانی راگەیاند کەوا بڕیار وایە لە ١٨ ی مانگی داهاتوو شانۆیی (بێکەس) لە بۆنەی ٦٣ ساڵەی کۆچی دوایی ئەم شاعیرە پایە بەرزە لە زۆربەی کەناڵەکان پەخش دەکرێت کە ئێستا لە قۆناغی کۆتایی مۆنتاژدایە..
وێڕای کاری دەرهێنان (دەروێش) خۆی نەخشەی کۆریۆگرافیا و سینۆگرافیای داڕشتوە، ژمارەیەکی گەورە لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی بەتایبەتی هەردو تیپی (شانۆی سالار و نواندنی سلێمانی) بەشداریی تیادا دەکەن.
شایەنی گوتنە جگە لەم شانۆگەرییە هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش خەریکی چەند کارێکی دیکەی شانۆییە.

## ٤ ملیۆن دۆلار وەردەگرێت بۆ دابەزاندنی کێشی لەشی



هەرچەندە کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی جیسیکا سیمبسۆن هێشتا منداڵی یەکەمی نەبووە و نەبووە بە دایك، بەڵام لە ئێستاوە پلانێکی داناوە بۆ دابەزاندنی کێشی لەشی.
لەم بارەیەوە رۆژنامەی (دەیلی میل)ی بەریتانی رایگەیاند جیسیکای تەمەن ٣١ کە ئێستا خاوەن زیاتر لە یەك ملیار دۆلارە لە ئەنجامی کارە بازرگانییەکانی، ئێستا لە گفتوگۆدایە لەگەڵ کۆمپانیای (ویت واچەرز) بۆ سیستەمەکانی خۆراك بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی دیاریکراو دابنێت بۆ دابەزاندنی کێشی زیادی لەشی لەدوای منداڵ بوون لە بەرامبەردا ٤ ملیۆن دۆلار لەو کۆمپانیایە وەردەگرێت، بەڵام بەپێی چەند سەرچاوەیەکی دیکە دەمێکە جیسیکا خەریکی گفتوگۆیە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر دابەزاندنی کێشی لەشی بڕێك پارە وەربگرێت و کۆمپانیاکەش وەك پروپاگەندە بۆ بەرهەمەکانی خۆی بەکاری بهێنێت.

## دراماکەی ئەساڵە رانەگیراوە

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك باسی ئەوە دەکرا گوایە کارەکانی ئەو زنجیرە درامایەی کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ باس لە ژیانی ئەساڵە نەسری دەکات راگیراوە، وەلید سەبیعی دەرهێنەر ئەم هەواڵانەی رەت کردەوە.
پێشتر سەبیعی ئەوەی راگەیاند بوو کە بەهۆی هەڵوێستی سیاسی ئەساڵە نەسری کە دژی رژێمی بەشار ئەسەد بوو و پاڵپشتی لە شۆڕشگێڕان دەکرد، بەڵام دواتر ئەوەی رەتکردەوە و ئەوەشی راگەیاند کەوا زنجیرەکە راستەوخۆی باس لە ژیانی ئەساڵە ناکات، بەڵکو باس لە سەرکەوتنی کچێکی گۆرانیبێژ دەکات لە بواری هونەری خۆیدا کە لە سەرەتاوە هیچ نەبوو و دواتر دەبێت بە یەکێك لە ئەستێرە ناودارەکانی بواری هونەری کە سەرەتا ناسراو نەبوو و دواتریش گەیشتە و لوتکە وبوو بە یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکان.



## گولستان پەروەر:

# کەلتوور لای ئێمە بووەتە دیکۆر و ناوەڕۆکی نییە

دیمانە/ خەلیل بلەیی

**گولستان پەروەر ناوێکە لە بواری هونەری کە پێویستی بە ناساندن نییە، چونکە هەر لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە دەستی بە وتنی ستران کردووە و تا ئێستا ٧ بەرهەمی تایبەت و ٢ بەرهەمی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند شڤان پەروەر تۆمار کردووە، دوای چەندین ساڵ ئاوارەیی ئێستا لە دهۆك نیشتەجێیە و وەك خۆی دەڵێ بڕیاریداوە بە یەکجاری لە کوردستان بمینێتەوە، لە شاری دهۆکی دەلال ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.**



*** بۆچی ماوەیەکە لە کاری هونەری بێدەنگی؟**

- دوای چەندین ساڵ بێدەنگی و تۆمار نەکردنی بەرهەمی هونەری نوێ، لێرەوە دەمەوێ بە ئێوە و هەوادارانی خۆم بڵێم ئێستا خەریکی پرۆژەی ئەلبوومێکی نوێم و ماوەی چەند هەفتەیەکە دەستم پێکردووە، هیوادارم لە ساڵی نوێدا کارەکانی تەواو بکەم و بڵاوبکرێتەوە چەند گۆرانییەکی نوێیە، هەروەها ژمارەیەك گۆرانی کۆن و فۆلکلۆریشی تێدایە لەوانە هەندێکیان بە زاراوەی سۆرانییە، بەڵام هێشتا دیاریم نەکردووە کە کام لەم گۆرانیانە دووبارە دەکەمەوە.

*** لەو چەند ساڵەی رابردوودا ژیانی گولستان پەروەر چەندین گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وکەسایەتی جیاجیای بەخۆیەوە بینی، ئەم گۆڕانکاریانە لەسەر ژیانی تۆ چ کاریگەرێکیان هەبوو ؟**

- وەك تۆ لە پرسیاری پێشووتر باست کرد ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر ژیانم، لەوانە ماوەی ١٠ ساڵ دەبێت تەنیا یەك بەرهەمی هونەریشم نەبوو، بێگومان ئەمەش کاریگەرییەکی سلبی هەبوو لەسەر هونەری من، چونکە لەو ماوەیەدا من زۆر وڵاتم گۆڕی و ژیانم جێگیر نەبوو لە شوێنێکی دیاریکراو نەبووم، بەڵام ئەمە ماوەی دوو ساڵ زیاترە من لە کوردستان جێگیرم پەنا بە خوا ئیدی لەمەودوا بە گوڕوتینێکی زیاترەوە دەست بەکاری هونەری دەکەمەوە، دوای گەڕانەوەم هەست دەکەم بوونم لە یاد و بۆنەکان و لەناو کۆمەڵگادا زۆرە، زۆریش دڵخۆشم و لەلایەنی دەروونیشەوە هەست بە حەسانەوە دەکەم.

بەڵام ئەوەی تێبینیم کرد سەبارەت بە هونەری کوردی ئەوەیە کە هونەری ئێمە پێویستی بە خەبات و کاری زیاتر هەیە و ئۆرگانیزەکردن و بە موئەسەساتی کردن هەیە.

*** باست لە هونەری کوردی کرد هۆکارەکان چین کە هونەری کوردی بەم رۆژەی گەیاندووە؟**

- چونکە ئێمە خاوەنی یەك هەڵوێست ویەك بەڕێوەبردنی کاری هونەری نین، هەر کەسێك دەیەوێ لەلای خۆیەوە شتێك بکات بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی، پێویستە دەوڵەت یاسای تایبەتی هەبێت سەبارەت بە هونەر، لەبەر ئەوەی کورد هەمیشە لەنێو شەڕ و خەباتدا ژیاوە، بۆیە کەلتوور لای ئێمە بووەتە شتێکی لۆکس واتە تەنیا دیکۆر، بۆیە پێویستە ناوەڕۆکیشی پڕ بێت لە زانست و پەروەردە.

*** ئەم دڵخۆشییەت دەبوایە هاندەرێك بێت بۆ پێشکەشکردنی کاری هونەری باشتر و زیاتر، کەچی سەیرە تۆ لە شوێنی خۆت وەستای بۆ؟**

-نەخێر لە کوردستان من نەوەستاوم، بەڵام لە ئەورووپا ژیانمان زۆر سەخت بوو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە من تەنیا سەرقاڵی ژیانی خۆم بم و نەتوانم کاتێکی تەواو و شیاو بۆ هونەر و ئەنجامدانی بەرهەمێکی نوێ تەرخان بکەم.

*** چ جیاوازییەك لەنێوان کاری هونەری لە کوردستان و لە دەرەوە هەیە؟**

- بێگومان لە کوردستان کاری هونەری خۆشترە و باشترە، چونکە ئێمەی هونەرمەند لەنێو کەسوکار و سروشت و لەسەر خاکی وڵاتی خۆمانین، ئێمە لەم خاکە پیرۆزەی کوردستان هاتووینەتە وجود و ئەو ئاو و هەوایە هەڵدەمژین، وەك ئەوە وایە کە درەختێك لە کوردستان بڕوێنی و بیبەی بۆ سوید لەبەر ئەوەی لێرە رواوە ئەگەر بیبەی بۆ سوید دەمرێت و وشك دەبێت، خۆشبەختانە خەباتی میللەتی ئێمەی

نەیهێشـــت ئێمە لە ئەوروپا وشك ببین ئەگینا دەمێك بوو لە ئەوروپا کۆتایی بە ژیانمان دەهات.

*** بەڕای تـــۆ چ کاتێك هونەرمەنـــد دەگاتە ئەو خاڵەی بڵێ ئیدێ بەسە و دەست لە کاری هونەری هەڵبگرێت؟**

- ئەمەیان دەمێنێتەوە ســـەر خودی هونەرمەندەکە، هونەرمەند هەیە دوای پەنجا ساڵی تەمەنی پێیوایە ئیدی واز بێنی و دەڵێ: بەســـە، لـــە هەمان کاتدا هونەرمەندیـــش هەیە تا ئەو کاتەی لە ژیاندا مابێت بـــەردەوام دەبێت لەســـەر پێشـــکەش کردنی کار و بەرهەمی هونەری نوێ.

*** گولســـتان پەروەر پێیوایە گەیشـــتۆتە لوتکەی هونەری؟**

- نەخێر، چونکە گەیشـــتن بە لوتکە کارێکی زۆر زەحمەتـــە، هەروەها تەنانەت من ناتوانم بڵێم ئێســـتا لە چ قۆناغێکی هونەریشـــدام، بەڵام ئەوەی دەزانم و هەســـتی پێدەکەم کە میللەتەکەم حەز لە هونەری مـــن دەکات ئەمەش لەبەر ئـــەوەی منیش زۆر حەز لە میللەتەکەم دەکەم و هەستیش بەو خۆشەویستییە دەکەم.

***وەك ئافرەتێك بارودۆخـــی ئافرەتی کوردت چۆن بینی لە کوردستان؟**

- کێشـــەکانی ئافـــرەت لە کوردســـتان زۆرن، بۆیە پێویســـتە خودی ئافرەتی کورد ســـەر لەنوێ خۆی بونیـــاد بنێتـــەوە ئەویش لـــە ڕێگای پـــەروەردە و خوێندنەوە، دیارە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و هەر کاتێك نیوەی کۆمـــەڵ پەکی بکەوێت و بێ بەرهەم بێت و بچەوسێتەوە، ئەو کات بێ ناسنامە و بێ دەسەڵات دەبێت و بوونێکی بەرچاوی نابێت لە نێو کۆمەڵگا، ئەمە لە کاتێکدا کە ئافرەت دایکە پیاو و ئافرەتیش پەروەردە دەکات، بە گشـــتی ئافرەت پێویســـتە بە دووبـــارە بونیادنانەوەی خۆی هەیە بـــۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ئازادی بەدەست بهێنێت و نەوەکانی دوای خۆیشـــی بە ئازادی پەروەردە بـــکات، ئەوەی زیاتر مایەی ســـەرنجە ئافرەتی کور لەڕووی ئابوورییەوە بە پیاوەوە بە ستراوەتەوە، هیوادارم ئافرەتی کوردیش ببێتە خاوەن کار و پیشەی تایبەتی خۆی و ئابووری خۆی بەدەســـت خۆی بێـــت و لەنێو کۆمەڵگادا پشـــت بەخۆی ببەســـتێت و ئەگەر بمانەوێ بنەماکانی دیموکراســـی لە کوردســـتان ئاوا بکەین دەبێ ئەم پرســـە چارەسەر بکرێـــت، چونکە دیموکراســـی بەبێ مافـــە گەردوونییەکان ئافرەت پەکی دەکەوێت و بنەماکانی لەرزۆك دەبن.

***تۆ چـــۆن بەرگریت لە مافەکانی ئافـــرەت کـــردووە لـــە ڕێـــگای هونەرەکەتەوە؟**

- دوای تـــەواو بوونـــی ئەلبوومەکەم بە نیازی ئامـــادە کردنـــی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم تایبەت بە ئافرەتان، مەرج و پێویست نییە من خۆم بەرنامەکە پێشـــکەش بکەم، لەوانەیە من تەنیا ببم بە ئامادەکاری ئەم بەرنامەیە.

***بەر لەماوەیەك گوێبیســـتی هەواڵی تێکچوونی تەندرووســـتی کاك شـــڤان بووین گوایە تووشی جەڵتەی دڵ هاتووە ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- ئـــەم هەواڵـــە بەهیچ شـــێوەیەك ڕاســـت نییە و تەندروســـتی زۆر زۆر باشە هەر بۆ ئەم مەبەستەش من ڕوونکردنەوەیەکم بڵاوکردۆتەوە، شڤان گرفتێکی بچووکی لە چاوی هەبوو، بەڵام ڕۆژنامەی (ئەکشام) ی تورکی وەك هەواڵێکی گرنگ بڵاویکردەوە گوایە دڵی شـــڤان وەستاوە، بۆ زانیاری ئێوەش شڤان ئێستا خەریکـــی ئامادە کردنـــی ئەلبوومێکـــی نوێیە لە ستۆدیۆی خۆمان لە شاری بۆنی ئەڵمانی، هیوادارم دوای تـــەواو بوونی بەرهەمەکەی من و ئەو بتوانین بەیەکەوە بەرهەمێکی نوێ بڵاو بکەینەوە.

***بۆچی ئەم پڕوپاگەندانە دژی کەسێکی وەك شڤان پەروەر بڵاودەکرێنەوە؟**

- چونکە شڤان پەروەر کەسێکی دیار و خۆشەویستە لـــەلای کوردانی هەموو پارچەکانی کوردســـتان و بووەتە سیمبولێك، بۆیە کەسانێك هەن دەیانەوێ ئەم سیمبولە لەناو ببەن جا بە هەر شێوەیەك بێت.

***بەر لەوەی کەناڵـــی TRT٦ بکرێتەوە دەنگۆی ئەوە هەبوو شـــڤان پەروەر لـــە کردنەوەیدا ئامادە دەبێت، ئەمە چۆن بوو؟**

- لەبەر ئەوەی شـــڤان پەروەر هونەرمەندێکی ناسراوە لەلایەن کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا دەیویست ئەو کرانـــەوەی کە گوایـــە بەرامبەر بە کورد هەیە ســـەرەتا ئەو کرانەوەیە بە شڤانەوە دەست پێبکەن، بەڵام شڤان ئەمەی نەکرد، چونکـــە دژی هـــەر پێوەندییەکە ئەگەر بزانێت زیانی دەبێت یان کارێکی باش نییە.

*** چ یادگارییەکتـــان هەیـــە لەگـــەڵ مەدام میتران؟**

- وەك هەمـــوو لایـــەك دەزانین مـــەدام میتـــران وەك دایکی کوردان وابوو هەمیشـــە لە کـــۆڕ و بۆنەکاندا بە دڵســـۆزییەوە باسی لە کێشەی ڕەوای کورد کردووە و ئێمە وەك کورد قەرزاری ئەو خانمەین و زۆر سوپاسی دەکەین، چونکە لە ڕۆژە سەختەکاندا دایکایەتی خۆی بۆ ئێمە سەلماند و هەواڵی کۆچی دوایـــی ئەم خانمە بەڕێزە لەناخـــەوە ئازاری داین و خەمباری کردین، لە خوا داواکارم جێگای بەهەشت بێت.

*** لەو هونەرمەندانەی بە زاراوەی سۆرانی گۆرانییان وتوە حەز لە دەنگی کامیان دەکەی؟**

- حەســـەن زیرەك، عەلـــی مـــەردان، مەرزیە، لە نوێیەکانیش زۆر حەز لە دەنگی چۆپی دەکەم.

*** بۆچی حەز لە دەنگی چۆپی دەکەی؟**

- چۆپی هونەرمەندێکی بە توانایە لە ڕووی دەنگەوە وەك کەســـیش من زۆر حەز لە کەسایەتی ئەو خانمە هونەرمەندە دەکەم و لە دڵەوە هیوای ســـەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازم.

